

# شەوێکی بارانی

**شێرزاد ئەمینی**

قامکەکانی لەبن بارانی سڕببون‌و مۆرەکانی بۆ نەدەگیرا. لەپڕ یەکیانی لەدەست بەربۆوەو سێ چوار مۆرەی تری لەجێی خۆی ترازاند. پاڵی بە شتی نیمکەتەکەیەوەداو گوتی: (ئەرێ سورە وەڕەز نەبووی؟ ئەوە لەبرسان قڕ دەبم). دوایەش چاوی لە دارتێلێکی خواری نیوەڕاستی مەیدانچەکە بڕی کە نیمکەتەکەی ئەوانی رووناک کردبوو. دڵۆپەکانی باران بە ڕێژنە دەکەوتنە سەر لامپێکی زەردێنە ئاسای بە پتەپت.

سورە سەربازێکی بەدەستەوە گرت‌و دوای ئەوە کە بەپشتی دەستی تەوێڵی تەڕی سڕییەوە، بە خلیسکە خلیسك لەپێش شای سپی داناو گوتی: (کیش مات) لەپڕ وڵات نوقمی تاریکی بوو. لامپەکە تەقیبوو و وردە شوشە لەسەر عەرزی بن دارتێلەکە دەلەراوە. ئیتر جگە لەدەنگی باران هەستیان بە چیتر نەدەکرد. تەنیا چرای بوفەی پارك داییسا.

چڵپەی ئاوی بن کەوشەکانیان سەرنجی خاوەن بوفەی بۆ لای ئەوان ڕاکێشا. لە بوفەدا لەهرۆژمی باران لەئـەمان دابـوون. سـوره بێـدەنگ چـاوی لـە ویترینـی خواردەمەنییـەکان بـڕی. دوو بڵـووت ماکاڕۆنی بـە قەیمـەوە، کەشـەفێك سۆسیسی بەنـدەری لـەت لـەت، چـوار بەسـتە هـەمبێرگێری خـاو، چەندین شوشە جەرگو هێندێك خواردنەوەی گازدار، کۆڵێك بیسکویتو شەکەلاتو دۆی پاکەتی، کەچی رووی کردە خاوەن بوفەو بە وەڕەزییەوە گوتی: (دوو دانە چای کیسەیم بدەیە). دوایـەش بـە هاوڕێکـەی گـوت: (ئەحمـەد چ دەخـۆی، بـا بیهێنـیٚ). بـێ ئـەوەی کـە چـاوەڕوانی جـوابی ئەحمـەد بمێنێتەوە چوو لەپشت مێزێکی خڕ لەپەنا ئەو دانیشت.

خاوەن بوفە چاییەکانی بە لێواری لیوانەکانیانەوە گرتو لە پێشی دانان. دیسان چوویەوە پشت ویترینـو لەسـەر کورسـییەك بـەرەوڕووی تەلـەفزیۆنێکی شوشـە چـڵکن دانیـشت. گۆڵـە باشـەکانی فوتباڵی لیگی ئینگلیستانی بڵاودەکردەوە. دۆیەکی پاکەتی هەڵقوڕاندو ئەنیشکی لەسەر پێشخانی بوفە نوسـاندەوە، دوایـەش بـێ ئـەوەی کـە چـاو لەمـشتەرییەکانی بکـا گـوتی: دەمهەویـست دایخـەم بچمەوە ماڵێ.

سوره گوتی: چایەکەمان بخۆینەوە دەڕۆین.

ئەحمەد هەڵیدایە: ئەگەر ئەو بارانە بهێڵێ. پارەکەش هـەر ئـەو دەمانـە بـوو بارانـە زۆرەکـە بـاری. ئاوی نێو کاناڵە گەورەکە هاتبوو سەرێو لەگەڵ گۆواو دەرژایە سەر پیادەڕۆ.

دوایە چاوی لەدەلینگی شەڵوارەکەی کرد کە ئێستاش هەر تەڕ بوو و عەرزی قـەراغ کەوشـەکانی پیس کردبوو. وەبیر ئەو رۆژە کەوتەوە کە لای شێوان لەژێر باران دەگـەڕاوە مـاڵ. لەسـەر قەرەچێورا بەربووەو لاقی وەرگەڕابوو و بەزۆر هەنگاوی هەڵدێناوە. لەگەڵ وەستا کارەکـەی لێـی ببـوو بەشـەڕو ئەویش بێ دانی تمەنێك لەسەر کار وەدەری نابوو. هەر بۆیە بەپێیان دەڕۆیشتەوە ماڵو لەبەرئەوەی گۆواوی نێو کاناڵەکە لاقی پیس نەکا، بەسەر شەقامدا دەڕۆیی. زۆر تێکچووبوو و لەقەڵسان فکری کاری نەدەکرد. گوێزێگی لاقی ئازاری دەداو هۆشی نـەبوو. بەکوێدا دەڕوا. هـەر ئەوەنـدەی دیـت کـە دوو چرای زەلام لەپێشەوەی وەدیارکـەوتنو زانیـی لەنیوەڕاسـتی شـەقامە. بـێ فکـر رای کـردە لای پیادەڕۆو لەپەنا کاناڵەکە ڕا بازی دا ئەوبەر، کەچی لاقی تێکهاڵو تەواوی جەستەی گۆوای بوو.

خاوەن بوفە قوقتوی بەتاڵی دۆیەکەی فڕێ دایە نێو سەتڵی زبڵو گوتی: (کوڕە بـاران سـێڵاویش سـاز بکـا هـەر خۆشـە، بەمـەرجێك لـەماڵێ لەپـەنا خێزانـت بـەکۆڵێك تـۆ کولەکـەوە لەپـشت پەنجـەرە دانیـشتبێیو منداڵەکـەت خـەوی لـێ کـەوتبێو هـەر بیـانقرتێنی جـا قـسەی خـۆش بـۆ یـەکتر بکـەنو جاروبار چاوێك لێك بکەنو ئەگەر بوو.. ئەیش.. بـەڵام کـوا کـارو دەردی سـەری دەرێ ئیزنـی ئـەوەت پێ دەدا؟). بزەیەکی سەرکەوتووانەی هاتە سەر لێو و بە تێڕادیوی چاوی لـە مـشتەرییەکانی بـڕی. قوتویەك دۆی دیکەی هێنادەرو لێبڕوانە تا قومی ئاخری خواردەوە.

سوره تا ئێستا بێ دەنگ بوو و نم نم چای دەخواردەوە، گوتی: (هـەموو کـەس دەردی سـەری هەیە. هەر ئەوەندەیە وەك ئی کەسانی تر ناچێ بۆیە نایسەلێمنن). دەیهەویست قسەی دیکەش بکا، بەڵام پەشیمان بۆوە. خاوەن بوفـەش هـەر لـەڕێزی ئـەو کەسـانە بـوو. مەگـەر هـەر یـەکی وەك وی دوو مانگ لەمەوبەر لەسەر هیچو خۆڕایی بەگرتنی نـەدابوو؟. ئـەویش لەبـەر ون بـوونی چـل هـەزار تمـەن

پوڵی نێو دەخیلەی دوکانەکەی، دەم و چاوی سور هەڵگەڕاو لەو کاتەدا پێی خۆشبوو کابرای خاوەن بوفە یا هەر کەسێکی تر کە قسان بکا هەر لەویٚ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنیٚ. قینی دوو مانگ بەندیخانەی هەر لەدڵدابوو.

ئیتر قسەیەك نەکرا. چاییەکان خواردراوەو سورە پارەکەی حیساب کرد. ئەویش دوای کۆڵێك پشکنینی گیرفانی کراس و شەڕواڵەکەی، پەنجا تمەنێکی شڕو دڕی دا بە کابرا کە لە تەڕیان پێکەوە نوسابوو. لەگەڵ ئەحمەد هاتنە دەرەوەی بوفەو بەرەو مەیدانچەکە وەڕێکەوتن. ئەحمەد زۆر وریابوو لە جۆگەکان نەکەویٚ، هەر بۆیە هەموو جاریٚ دەورێکی کورتی لێدەداو بە هەڵاتن خۆی دەگەیاندەوە سورە.

—ئەمن دەچمەوە ماڵیٚ، ئەتۆ چ دەکەی؟

—با ئەو شەترەنج و شتە خڕ بکەینەوە، ئەمنیش هەر دێمەوە.

مۆرە سپییەکانی شەترەنج کەوتبوونە سەر عەرزو لە دوورەوەڕا دەبیندران. هێدێکیان لە ئاوی نێو چیمەنگەکەدا دەخولانەوەو هێندێکیشیان لەگەڵ وردە شوشەی لامپە شکاوەکە تێکەڵ ببوون.

باران هەروەك پێشوو دەباری‌و ئەحمەدو سورە زۆر بەپەلە بەڕێگادا دەڕۆیشتن. ئەحمەد سەفحەکەی شەترەنج و مۆرەکانی لە نایلۆنێکی ڕەش خستبوو و لەبن باغەڵی نابوو. دەستی بە وردە شوشە بریندار ببوو و شوێنی خوێنەکەی لە دوو سیٚ جێیان لەسەر عەرز بەدی دەکرا، کەچی باران خێرایەکی دەیشوشتەوە. چرای بوفەی پارك هەر داییسا. سەریان بەردابۆوە خواریٚ هەتا باران چاویان ئەزیەت نەکا. تا ئەو جێیەی پێیان دەکرا بەبن داراندا دەڕۆیشتن.

لە پلیکانەکانی دەرکەی ژووری پارك وەسەرکەوتن‌و چوونە سەر شەقام. تاقە ماشێنێکیش بەدەرەوە نەبوو. باران لێبڕاوانە دەباری. سورە هەنگاوەکانی شلکردەوەو ئەحمەد بیٚ ئاگا لە هاوڕێکەی چەند هەنگاو وەپێشکەوت. دوایە یەك ناگا ڕاوەستا تا سورە بگاتەوە سەری، گوتی: زۆر تەڕبووین.. شەویشە!

سورە هەنگاوەکەی شلتر کرد: خۆشییەکەشی هەر لەوەدایە. دەزانی لە کەنگێوە لەژێر باران پیاسەم نەکردووە؟ یا بەهەڵاتن بە شەقامدا تێپەڕیوم یا سواری تاکسی بووم.

ئەحمەد دیسان شەوی پارەکەی وەبیرهاتەوە، هەر بۆیە توندتر کردو گوتی: ئاخر درەنگانە.. دەنا ڕاست دەڵێی.

—دەزانم درەنگانە، بەڵام باوەڕ بکە ئەو دوو مانگەی لەزیندان بووم، سات بەساتی لەبیری کاتێکی ئاوادا بووم. بەتایبەت ئەو وەختانەی باران دەباری‌و ئێمە ناچار بووین لەپشت میلەی پەنجەرەوە چاوی لیٚ بکەین. باوەڕ بکە لەو کاتەدا ئامادەبووم بەو هاوینە بەفر بباریٚ‌و ئەمن لەبن خۆی بشارێتەوە.

ئەحمەد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو هەنگاوەکانی شلکردەوە. ڕاوەستا تا هاوڕێکەی بگاتەوە سەری. سورە، کە ئەوەی دیت بەتێڕادیوێکی زۆرتر قسەکەی درێژە دا: نازانم بۆ زۆرتری ساتە خۆشەکانی ژیانم یا لەبن باران بووم یا بەسەر بەفری تازەنیشتوودا پیاسەم کردووە. تازە زۆرتریش لەگەڵ خۆت بووم. وەك یەکەم بەفری زستانی پارەکە. ئەو دەمیش هەر شەوبوو و لەماڵە عەولا ڕا دەگەڕاینەوە. حەك چەندە خۆش بوو! لەبیرمە ئەودەم دەتگوت: زۆرت خواردۆتەوە بۆیە هۆشت

لەسەر خۆت نییە، بەڵام باوەڕ بکە لەوکاتەدا کە لەمەجبور ئاوارا بەپێیان وەڕێکەوتین هەتا گەیشتینە چوارڕێی ئازادی حەمووم لەبیرماوە. دەنگی کرمەی بەفری بن پێمان ئێستاش هەر لەگوێم دایە. بەفرە قەڵەوەکان بێ هیچ بایەك، بێ دەنگ و لێ بڕاوانە دەکەوتنە سەر سەرمان. تەنانەت سەریشمان نەدەتەکاند. ئەو وەختەشم لەبیرە کە گەیشتینە مەلاجامی و توشی جەرگفرۆشەکە بووین. گوتم ئەحمەد بابۆڵەیەك جەرگ میوانی من. کەچی لەئاخریشدا هەر بەخۆت حیسابت کرد. هیچ کاممان قسەمان نەدەکرد. بەڵام لەحاڵی یەك گەیشتین.. شەوی بارانیشمان کە زۆر پێکەوە بووە.. لە شەوە پاییزییەکانی دە دوازدە ساڵ لەمەوبەرەوە بگرە کە لە دەبیرستان دەگەڕاینەوە ماڵێ و لەدرێژایی ڕێگادا گۆرانیمان دەگوت و چەترمان بۆ کچان رادەگرت و هەر دەگەیشتینە بن پروسکان چەترەکەمان لادەبردو دوایەش هەڵدەهاتین، هەتا ئەو کاتانەی کە لەباغی میکاییل ئارەقی باراناویمان پڕ دەکرد و بەخۆشیی یەکتر دەمانخواردەوە. دوایەش لەبن باران بەردمان لە چۆمەکەی پەنای باغ داویشت و نەماندەزانی ئەوەی بەردەکانن تەقڵە دەکەن یا دڵۆپەی بارانە وە ئاوێ دەکەوێ.

ئێستا گەیشتبوونە چوارڕێی ئازادی و باران قوڕاوێکی زۆری سازکردبوو. ئەحمەد هەروا بێ دەنگ بوو و هەر لەبیر شەوی پارەکەدابوو، کە لەپیسایی کەوتبوو.. دوای ماوەیەك سورەم لێ جوێ بۆوەو ئەحمەد دوای ماڵاوایی ڕێگای درێژی روو بەپشت تەپی گرتە پێش.

ئەو شەو زۆر تەڕببوو و وەختی بەفیڕۆ چووبوو. نەیدەزانی چ بکا. سەبارەت بەسورە هەتا درەنگان لەبن باران خۆی ڕاگرتبوو. تاقە کراس و شەرواڵی دەڕێی بەتەواوی لەئاودا خوسابوو. دەبوو سبەینێ هەر بەکراسی کارەوە بەشەقام و کۆڵانادا تێپەڕێ. چاك و چۆنی لەگەڵ سوارەی کتێبفرۆش بکات و لەجوابی پرسیارەکەی دا بڵێ، وەڵڵاهی دوێنێ شەوێ لەژێر باران مامەوە، درەنگ گەیشتمەوە ماڵێ، بۆیە ئەوڕۆ درەنگ دەچمەوە کارێ. ئەویش بڵێ، ئەرێ ئەو کتێبەم لێ ناکڕی؟ ئی خودی بوخارینە. هەر دەڵێی دەستنووسە، چاپی کۆنە، هەر سانسۆر نەکراوە. دوایەش بەپێکەنینەوە بڵێ، یەکجار کتێبی باش گەڕام.. بۆ تۆ کرێکاری خۆش مەڕام. ئەحمەدیش لەجوابیدا پێبکەنی و بڵێ، ئێوارێ دێم چاوێکی لێ دەکەم. دوایەش لەخوارەوەی شارەداری لەپەنا پردی تازە راوەستێ و دوای کۆڵێك مەحتەل بوون سواری تاکسییەکی خەتی فەرهەنگیان بێ. تازە ئەگەر گەیشتیشەوە بەر لەوی کە لەگەڵ وەستا کەریم توشی قسەی ناخۆش بێ، سڵاو و چاك و چۆنی لەگەڵ خاوەنی ئەو خانوو و بەرەیە بکا، کە ئێستا لەوێ کاری بۆ دەکا. ئەویش کەسێك کە چەند ساڵ لەمەوبەر لەسەر سورەی هاوڕێی لەقوتابخانە لەگەڵی بەشەڕ هاتبوو و لە خۆڵێی گەوزاندبوو.

سێڵاوێکی بچوك سەرەوەی مەیدانی حەیوانانی داگرتبوو و ئەحمەد بێ خەیاڵ و ڕەها لاقەکانی بەنێودا دەخشکاند. حەوسەڵەی بەسەرچووبوو. لەباران و شەوو شەقام و تەنانەت لەخۆشی وەڕەزبوو. هەرچەند فشاری بۆ خۆی دەهێنا خۆشییەکانی ژێر بارانی سورەی نەدەسەلماند. گەیشتە ئەو جێیەی کە شەوێکی هاوینی پار هەر ئەو دەمانە لە کەناڵی پڕ لەگوو کەوتبوو. تاقە ماشێنێکیش دیار نەبوو. لەوکاتەدا بەئاواتەوە بوو ئوتومبێلێك بێ و ڕاست لەپیسایی پەنا شەقامی باوێ. سەیر بوو ئەو هەموو کاتەی لەگەڵ سورە لەپارك خەریکی شەترەنج بوو، تاقە قسەیەکیشی نەکردبوو. بۆ لە بوفە نەمابۆوەو یەك دوو چای دیکەی نەخواردبۆوە؟. خۆ دیاربوو کابراش تەمای داخستنی نەبوو. لەجۆری قسەکانی را دیاربوو. بۆشی هەبوو قسەکانی سورە ڕاست بووبێ و لەژێر

باران مانەوە تامێکی دیکەی هەبێ. لەپڕ تەواوی ئەعزای لەشی لەجوڵەکەوت. لەسەر جەدوەلی قەراغ شەقام دانیشت و چاوی بڕییە تیشکی لامپی ماڵەکانی شار. ئاوا کاری سبەینێی دەچوو و ڕۆژێکی دیکە برسی و بێ پول دەیگوزەراند. تێمابۆوە چ بکا. تەواوی کاتی لابوونی بۆ تێربوونی سبەینێی لەدەستدابوو.

بەهەرچۆنێك بوو هەستاو بەرەو ماڵ وەڕێکەوت. دەبوو زوو گەیشتبایەوە. پێی خۆش نەبوو وەستا کەریم لەپێش چاوی هاوکلاسی رابردووی بیشکێنێتەوە. توندتر ڕۆیشت. ئیتر ئاوڕی نەداوە پشت سەری. لەوکاتەدا بیری لەوە دەکردەوە، چەند ساڵ دواتر کە دیسان کەوتە ژێر باران، ئەم شەوەی وەبیر دێتەوە یا نا. ئەوچەل دەبوو سورە گوێی بداتێیە. بەڵام کامە بەشی ئەم شەوەی بۆ گێڕاباوە.. لەو نیوەدا سوزێکی غەریب دایگرتبوو و لە فێنکایی شەودا هەستی بە سەرمایەکی سەیر دەکرد. ئەحمەد دیسان چاوی بڕییە لامپەکانی شارو بۆ ئەوەی لەم حاڵە بێتەدەر لەبەرخۆیەوە دەستی کرد بەگوتنی گۆرانییەك. حاڵەتێکی دوو لایەنەی هەبوو. هەستی بە ترسێکی نەناسراو دەکردو لەهەمان کاتیشدا پێی خۆش نەبوو وەدووی سەرچاوەکەی بکەوێ. حەزی دەکرد هەتا هەتایە هەر لەو حاڵەدا بمێنێتەوەو هەر شەوبێ. دەترسا هەر ببێتە بەیانی وازی ژیانی بگۆڕدرێ. لەهەرجۆرە گۆڕانکارییەك ترسی هەبوو، جۆرە سەرگێژەیەکی شاراوەی گرتبوو. نە پێی خۆش بوو چاوەڕێی داهاتوو بمێنێتەوەو نە حەزی دەکرد هەروا لەجێی خۆی دانیشێ. هەستی بە بێ ناوەڕۆکییەکی بێ کۆتایی دەکرد. هەر لەو کاتەشدا پێی وابوو گەورەترین شەوی ژیانی رادەبوێرێ. ئیتر لەنیوەڕاستی شار دووردەکەوتەوەو باغی شایگانی بەجێ دەهێشت. وردە وردە دەگەیشتە دوو ڕێیانی بەری شیلان و بەری مەدرەسە. باران هەروا لێبڕاوانە دەباری. بێ ئەوەی لەگەڵ شتێکی تازە بەرەو روو بووبێ، هەستی دەکرد بە مانایەکی تازە گەیشتووە. کەچی نەیدەزانی چ شتێکەو نەیدەتوانی بیدرکێنێ. شەوێکی وەها ئاسایی لێ ببوو بە گەورەترین سەردەمی تەماگرتنی. لەسەری دووڕێیانیدا مابۆوە. پێی خۆش بوو بگری، بەڵام شەرمی دەکرد. لەپڕ لامپی تەواوی شەقامەکانی نیزیکی کوژانەوە. ئیتر تەنیا چرای سوری وریاکەرەوەی فرۆکەیەکی دورەدەست دەبیندرا، کە لەسەر یەك هەڵدەبوو و دەکوژاوە.